Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10330

# تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی

**دڵشاد غالی ساڵەح، محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید(محەمەد مەحویی)**

بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی "تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی"دا بۆ ڕاڤەکردنی تیۆرییەکەیە، کە لەلایەنی تیۆرییەکە خۆی و سێ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە، کە پەیوەستن بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و پێکهاتەی سینتاکسەوە.

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی کلاسیکیی چۆمسکی (١٩٧٠)دا هەبوونی مۆرفۆلۆژیی بە پێکهاتەیەکی سەربەخۆ دانەدەنرا، بەڵکوم سینتاکس مۆرفیمەکانی بەیەکەوەدەلکاندو وشەیش گرنگیی تەواوی نەبوو. وردە وردەو لەم تیۆرییەی ئێستاوە مۆدوولی مۆرفۆلۆژیی و زانستی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی خۆیان سەپاند.

ئامانجی تیۆرییەکە بریتییەلە خستنەڕووی چۆنیەتیی ڕێکخراوەیی ناوەوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و پەیوەندیی بە پێکهاتەی سینتاکسەوە. تیۆرییەکە بەسەر پێرەوی کرمانجیی ناوەڕاستدا جێبەجێدەکرێت (تەتبیقدەکرێت). ڕێبازە سینکرۆنیەکەی لێکۆڵینەوەکە پەسنکەرانەی شیکەرەوەییانەیە descriptive analysisو ڕێبازی بەراوردکاریشی بۆدەگیردرێتەبەر. لێکۆڵینەوەی ئەزموونبەندانە empirical research لەسەر نموونە و داتاکانی زمانەکە دەکرێت، واتە لەسەر ئەوانەی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی کرمانجیی ناوەڕاست و سوودیش لە لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمانەوان و زانایانی زانستی زمان دەبینرێت، کە لەسەر ئەم زمانە کردوویانە. لێکۆڵینەوەکە لایەنی تیۆریی و مێژووی سەرهەڵدان و چۆنێتی کارکردنی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لەلایەن بناغەدانەرانییەوە ڕاڤەدەکات و دەخاتەڕوو. هەروەها، بەشێوەیەکی کارەکیی و جێبەجێکارانە (پراکتیکی)، چۆنێتی کارکردنی تیۆرییەکە دەخاتەڕوو، لەگەڵ چۆنێتی پەیوەستبوونی بە ڕیزبوونی چینە فەرهەنگییەکانەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگەلە پێشەکیی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: بەوردیی باسی تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی و زانیاریی گشتیی لەڕوانگەی زمانەوانییەوە دەربارەی تیۆرییەکە دەکات.

بەشی دوەهەم: تەرخانکراوە بۆ ڕیزبوونی چینە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییەوە لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی پێویست لە زمانی کوردیی و ئینگلیزییدا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیشدا، ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزیی و عارەبیی خراوەتەڕوو.

***Article Info***

Received: April, 2023

Revised: May, 2023

Accepted: June, 2023

***Keywords***

فەرهەنگ و فەرهەنگیی، چیین، پێواژۆ، یاسابەندێتیی، دیاردەی فۆنەتیکیی

***Corresponding Author***

**dlshad.ghali@garmian.edu.krd**

**پێشەکیی:**

فۆنۆلۆژیی پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری زماندا دەبەستێت و گۆڕانی دەنگیی و واتایی دێتەئاراوە، ئەو پەیوەندییەی لەنێوان فۆنۆلۆژیی و فەرهەنگ لەگەڵ مۆرفۆلۆژییدا دروستدەبێت، بە فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی ناودەبرێت. زانیاری فۆنۆلۆژیی بۆ فێرخوازانی زمان گرنگە، لەبەرئەوەی پێویستە قسەپێکەرانی زمان زانیارییان دەربارەی چۆنێتی دەربڕین و گۆکردنی ئەو زمانە هەبێت، کە بەکاریدەهێنن. پێویستە نواندنە فەرهەنگییەکان چێوەی

نیشانە جیاکەرەوەکان لەخۆبگرن بۆ پیشاندنی نواندنی سەگمێنت، کە دەبێتەهۆکاری دروستبوونی وشە( Katamba, F., 1989: 255). بەمپێیە، فۆنیم بچوکترین توخمی پێکهێنەری زمان نییەو تایبەتمەندی هەر فۆنیمێک لە فۆنیمێکی دیکە جیاوازە، دەنگەکانی قسەکردن سەگمێنتی پێڕەوی فۆنۆلۆژییانە نین، بەڵکوم خودی فۆنیمەکانی زمان لە نیشانەی گۆکردنی بچوکتر پێکدێن( Akmajian, A. et al, 2001:110). بۆنموونە کە دەنگی /ت/ گۆدەکرێت، هەندێک نیشانەی خۆی هەیە، وەک گرتن لە پوکداو نەلەرینەوەی دەنگەژێیەکان، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە "زۆرتر دروستەیەکە یان بەلایەنی کەمەوە لەیەککاتدا بریتییەلە کۆمەڵێک نیشانە: پوکی، گیراوی، کپی. سەگمێنتێک وەک چەپکێک لە نیشانە دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت"( محەمەدی مەحوی، 229:2008)، فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی مۆدێلێکی بەرهەمهێن و دارِشتەیەکە، کە پشت بە دەرکەوتنی مۆرفیمەکان دەبەستێت لەگەڵ گۆڕانی شێوەی مۆرفیمەکاندا لە چێوەی پرۆسەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکاندا.

چەمکە گشتیەکانی ئەو دوو زانستە:

فۆنۆلۆژیی: دوو چەشن لە یاسا هەن، کە فەرهەنگیی و دوا فەرهەنگیین.

مەرج و کۆتوبەند Terms and conditions

نادیاریی نواندنی بنەڕەتیی یان ژێرەوە Underlying or base form of representation

مۆرفۆلۆژیی: وەک بەشێک لە فەرهەنگ، پێکهاتەیەک یان مۆدوولێکی خۆی هەیە.

چوونەناویەکەوەی لەگەڵ فۆنۆلۆژییدا Interaction with phonology

ڕێکخستنەکان لە ئاستەکاندا Level Ordering

ڕێگەلێگرتن Blocking

## بەشی یەکهەم: تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی

### تەوەری یەکهەم: پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان و پەیوەندی فۆنۆلۆژیی لە سنوری یاسا فەرهەنگییەکاندا

سەرەتای گەشەپێدان و فراوانی بەکارهێنانی تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لەلایەن زمانەوانان (Kipersky) و (Mohnan)ەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، "سەرەتای بیرۆکەی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لەلایەن (Siegel)ەوە لەساڵی 1974دا پێشنیازکراوە و لەساڵی 1982دا (Kipersky) و (Mohnan) پشتگیریی بیرۆکەی تیۆرییەکەیان کردو برەویانپێدا، لەکاتێکدا جیاوازی سەرەکیی و بنچینەیی لە ناوەڕۆکی نموونەکانی (Kipersky)و (Mohnan)دا هەیە، بەڵام هەردووکیان لەڕووی ڕێکخستنی فەرهەنگییەوە هاوڕان"( A. Spencer, 2001: 10055). ئەم تیۆرییە پەیوەندی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ"Lexicon" دەخاتەڕوو، هەروەها گرنگیی بە کارلەیەکدیکردنی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی دەدات، کە دەبنەهۆکاری سەرهەڵدانی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا، کە پەیوەندی بە چۆنیەتیی دەربڕینی وشەکان و پێکهاتەی ناوەوەیانەوە هەیە. کاتێک قسە لەسەر ئەم چەمکە دەکرێت، وشە گرنگترین یەکەی پشتپێبەستراوە، نەک مۆرفیم یان نواندنە فۆنەتیکییەکان( Katamba, F., 1993 in Orlando, B.A., et al, 2017).

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان چەند ئەرکێکی گرنگیان هەیە، وەکو "لکاندن- affixation"، کە بریتییەلە زیادکردنی ئەرکە فۆنۆلۆژییەکان، بۆنموونە دیاریکردنی شوێنی سترێس و پەیوەندی بە پێکهاتەکانی تری زمانەوە. کاتێک پێشگر یان پاشگر یان پێشگرو پاشگر دەخرێنەسەر وشە، گۆڕان بەسەر شوێنی هێزیشدا دێت، کە هەرچەندە ئەمەیش بەگوێرەی پێشگرو پاشگرەکان دەگۆڕێت. لەمڕووەیشەوە پێویستە فەرهەنگی زمان زانیاری تەواو دەربارەی تایبەتمەندیی وشەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە بخاتەڕوو. بۆنموونە پێویستە فەرهەنگ لە زمانە ئاوازدارەکاندا زانیاری دەربارەی بڕگەی وشەکانی زمانەکە بخاتەڕوو لەڕووی ئاواز و فەرهەنگی وشەکانەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئاوازەکانیان بە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانەوە دەستنیشاننەکراون. هەروەها پێویستە فەرهەنگ لە زمانە سترێسدارەکانی وەکو ئینگلیزییدا ئەو کاریگەرییە تایبەتییانەی، کە پاشگرەکان بەهۆی سترێسەوە دروستیدەکەن و شوێنی سترێس دەگۆڕن بخاتەڕوو. بۆنموونە، لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێک پاشگر هێزڕاکێشن، وەکوو پاشگری (*-ee*) لە وشەی"/ˌdiː.teɪˈniː/ detainee"دا، لەکاتێکدا پاشگرێکی وەکوو (*-ity*) لە وشەی " electricity /ˌel.ɪkˈtrɪs.ə.ti/ "دا هێز دەچێتەسەر بڕگەی پێش پاشگرەکە(Katamba, F., 1989:255). لەلایەکی ترەوە، لە زمانی کوردیشدا هەندێک پاشگر هێزڕاکێشن وەکوو پاشگری /-دان/ لە وشەی /گوڵدان/و هەندێک پاشگری تریش هێز ناخرێتەسەریان، وەکوو پاشگری /-ێک/ی نەناسراوی لە وشەی /پیاوێک/دا، شایانی باسە ئەمجۆرە پێشگرو پاشگرانە لە زمانانی تردا بە "بێلایەن"و "لایەندار" ناسراون. لەمڕووەیشەوە، پاشگرەکان زیاتر هاوبەشی لە گۆڕانی فۆنۆلۆژیی قەددا دەکەن، کاتێک پاشگرەکان دەخرێنەسەر وشەکان، گۆڕانکاریی دروستدەبێت، کە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ناسراون (دڵشاد غالی/ پێشڕەو ساڵەح، 201:2019).

پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی ئینگلیزییدا بەزۆری لە ئاستی پێکهاتەی فەرهەنگیی یان دوافەرهەنگییدا جێبەجێدەبن. سەرەڕای ئەوەیش، لەو حاڵەتانەی کە بەیەکداچوون لەنێوان یاسای ئاستە جیاوازەکاندا دروستدەبێت یان بەیەکداچوون لەنێوان یاسا فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکاندا دروستدەبێت، پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەردەکەون، بۆئەوەی بەشێوەی جیاواز جێبەجێبکرێن. بۆنموونە یاسای "لێکچوون -assimilation "ی فەرهەنگی دەنگە لوتییەکان بەخورتییە و سنوری "پێییەکان-feet"ەو گواستنەوەی خاڵە سەرەکییەکانی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکانی زمانە، لەکاتێکدا لێکچوونی دوافەرهەنگی بەئارەزووییە و گرنگی بە سترێس نادات، هەروەها بەوردی شوێنی دەربڕینی دەنگە کۆنسۆنانتەکان دەستنیشاندەکات. بەمشێوەیە، لە ئاستی پێکهاتە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکاندا "وەچە-فۆنۆلۆژی-mini-phonologies"ە سەربەخۆکان پێکدەهێنن. ئاستەکانی پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی لە زمانی (Malayalam - مەلایلام)دا بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش بەیەکدادەچن، لەمبارەیەوە زمانەوان (Mohnan, 1982) فۆنۆلۆژیی وەکوو تاکە سیستەمێکی یەکگرتوو دەبینێت، کە هەر یاسایەک لە سنووری خۆیدا مارکەی لێدەدرێت، کە جێبەجێدەبێت( Mohanan, 1982 in Kiparsky, P., 1985: 86). هەروەها لەگەڵ سنورداری ئەم بوارەدا، پێویستە یاسا فۆنۆلۆژییەکان پەیوەندیداربن و لە کۆمەڵە یاسایەک پێکهاتبن لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا. بەڵام توێژینەوە نوێیەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە پرەنسیپە توندە نوێیەکان حوکمی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەکەن. دەکرێت لە زۆر حاڵەتدا وەک یاسای تاکو دیاریکراو مامەڵە لەگەڵ پرۆسە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکاندا بکرێت، سەرەڕای هەبوونی جیاوازی ڕیشەیی لە شێواز و بواری جێبەجێکردنیشیاندا. بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە فۆنۆلۆژیی و فەرهەنگ و دوافەرهەنگییش یەک پێڕەون لە یاساکاندا.

ئەو سنوورە دیاریکراوانەی کە بەشداری لە تایبەتمەندیی یاسا فەرهەنگییەکاندا دەکەن ئەمانەی خوارەوەن:

ا- جێبەجێکردنی یاسای بازنەیی

ب- سنورداریی 'ژینگەی دارِشتنەکان'

ت- پاراستنی دروستە

پەیوەندی نزیکایەتی لەنێوان ئەم یاسایانەدا دەبینرێت، وەکوو پەیوەندی نێوان (ا)و (ب)، لەمبارەیەوە زمانەوان ( Mascaro, 1976) پێشنیازی جۆرێک لە مەرجی بازنەیی توند بۆ کاریگەریی یاسا بازنەییەکان دەکات، هەروەها (ا)و (ت)ی بە یاسای بازنەییەوە بەستەوە، ئەگەر یاسایەکی بێلایەنی نائۆتۆماتیکی بێت، واتە چینێکی بچوکی یاساکان کە لە پێکهاتەکەیدا پارێزراوە(Mascaro, 1976 in Kiparsky, P., 1985: 87).

فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی پێشنیازی پەیوەندی ناوەکی زیاتر لە تایبەتمەندیی یاسا فەرهەنگییەکاندا دەکات، بەوەی کە یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا جێبەجێدەبن و دواتریش لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا دینەجێبەجێبون. هەروەها دەتوانرێت پشت بە یەکە فەرهەنگییەکانیش بۆ دارِشتنی یەکەی مۆرفۆلۆژیی ببەسترێت. بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە (ا)و (ب)و (ت) لە یاسا فەرهەنگییەکاندا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و یاساکانی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی لەناو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا پێچراونەتەوە و شێوەی بازنەییان وەرگرتووە. دەتوانرێت سنوری ژینگەی دارِشتنی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان وەک حاڵەتی " بلۆککردن Blocking" سەیربکرێت، کە (Aronoff,1976) وەک پەیوەندی جیاکەرەوەی نێوان دەروازە فەرهەنگییەکان دەیخاتەڕوو( Mascaro, 1976 in Kiparsky, P., 1985: 87). بەمشێوەیە، بەکارهێنانی ڤاوڵە کورتەکان لە وشەکانی "pint /paɪnt/"و " mount /maʊnt/ "دا لەڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکانەوە لەگەڵ ڤاوڵە درێژەکاندا بلۆککراون.، لەکاتێکدا ئەم یاسایە بەسەر وشەی "meant"دا جێبەجێ نابێت، لەبەرئەوەی تێکردەی " mên + t" یەکەیەکی فەرهەنگیی نییە، هەرچەندە دەرکردەکەی "meant"ەو بناغەکەیشی وشەی "mean /miːn/"ە. لەهەمانکاتدا، " بلۆککردن Blocking" لە پاشگرەکانیشدا پەیوەستن بە یاسا فەرهەنگییەکانی زمانەوە، بۆنموونە وشەی "society /səˈsaɪ.ə.ti/ " لە پۆلەڕەگەزی "ناو"ە، تەنها بە پاشگری (al-) دەکرێت بە پۆلەڕەگەزی "ئاوەڵناو"، وەک لە وشەی "social /ˈsəʊ.ʃəl/ "دا، بەڵام پاشگری (ity-) وشەی " various /ˈveə.ri.əs/ " لە "ناو"ەوە دەکات بە "ئاوەڵناو"، وەک لە وشەی "variety/vəˈraɪ.ə.ti/ "دا. لە زمانی کوردیشدا وشەی /بەخت/ لەگەڵ پاشگری /-ەوەر/دا ئاوەڵناوی دارِێژراوی /بەختەوەر/ دروستدەکەن، بەڵام پاشگری /-دار/، کە دەچێتەسەر وشەی /ئاگا/ ئاوەڵناوی دارِێژراوی /ئاگادار/ دروستدەکەن(عادل ڕەشید، 99:2008). ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە "پاشگر" وشە فەرهەنگییەکان بلۆکدەکەن و پێکەوەهاتنی پاشگرو وشە فەرهەنگییەکان بۆ دروستکردنی وشە بە ئارەزوویی نییەو لە فەرهەنگدا ڕێکخراون. هەروەها پاراستنی یەکە فەرهەنگییەکان بەهۆی سنووری دارِشتنی تەواوی فەرهەنگەوە دەبێت، بۆنموونە ئەگەر تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لە زمانێکدا جیانەبێتەوە، دەبێت بگوترێت لەوانەیە لە فەرهەنگی زمانەکەدا دیارینەکرابێت. بەو واتایەی کە هیچ جێگەیەکی لە دارِشتنی یەکە فەرهەنگییەکان و یاسا فەرهەنگییەکاندا نییە، لەبەرئەوەی هیچ ڕۆڵێکی لە فۆنۆلۆژی فەرهەنگییدا نییە.

جگەلە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان تایبەتمەندی یاسا فەرهەنگییەکانی (ا)و (ب)دا هەیە، وێنەی تەواوی ڕاستییە فەرهەنگییەکان دەردەکەون، کە ئەگەر بێلایەنبون مەرجی سەرەکی یاسای بازنەیی نەبێت، ئەوا پێشبینیدەکرێت یاسای بێلایەنبوونی دوافەرهەنگی بێت، کە پێویستە لە بواری فۆنۆلۆژی فەرهەنگیدا جێبەجێبکرێت. بەمشێوەیە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە پۆلی "بێلایەنبونی تەواو" لە فۆنۆلۆژی فەرهەنگیدا تایبەتمەندی فەرهەنگی هەیە. لێرەدا کە یاسای فەرهەنگی و یاسای بازنەیی (سوڕیی)و یاسای لایەندار هەبن وەکو یاسا پێوانەییەکان، کە بەشێوەی بازنەیی بۆ پێوانەکردنی نوێنەرایەتییە ناپێکهاتەییەکان کاردەکەن. زمانەوانەکانی وەکو ( Hayes,1981;Harries,1983; Steriade, 1982) ئەوە دەخەنەڕوو، کە سترێسی بازنەیی و یاسا بڕگەییەکان لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیەو ئەگەر " بازنەیی " پەیوەست بێت بە بلۆککردنی نێوان نوێنەرایەتییە جیاکەرەوەکانی دەروازە فەرهەنگییەکانەوە، ئەوا پێویستە ئەمجۆرە پێکهاتە نەگۆڕانەی جێبەجێکردنی یاساکان لە ژینگەی دانەڕێژراوی وشە فەرهەنگییەکاندا جێبەجێببن.

گرانی لە چەسپاندنی واتای تەواو وردیان بەبێ ئەوەی مۆرفێمی تریان لەگەڵدا بێت، بۆنموونە لە زمانی لاتینییدا "-per" پێشناوێک بووەو واتای پێشناوی"by "و" through "ی هەبووە لە زمانی ئینگلیزییدا، یان واتای"by means of "ی هەبووە، بەڵام ئەم واتایانە بۆ قسەکەری ئێستای زمانی ئینگلیزیی پێویست نیین یان نەماون، وەکوو وشەی " pertain /pɜːˈteɪn/ ". بەواتای ئەوەی، کە واتای ئەو جۆرە پێشگرانە بەشاراوەیی لەناو وشەکاندا هەن و تواونەتەوەو بۆ قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا گرنگ نین. لە زمانی ئینگلیزییدا وشەکانی وەکوو "pertain /pɜːˈteɪn/ "و" /kənˈteɪn/ contain"، کە لاگرەکانی "-per" و "-con"یان پێوەلکاون، واتاکانیان بە ڕەگەوەیە، بەڵام لە زمانی کوردییدا لاگرەکان بەڕەگەوە نین، بەڵکوم لاگرەکان بە ناوی کردارییەوەن. زۆرترین لاگرەکان کە لە چینی یەکهەمدان، لە تیۆری "شێوەی دەنگەکانی ئینگلیزیدا- Sound Pattern of English"دا، کە لەلایەن زمانەوانان Chomskyو Halleوە لەساڵی 1968دانراوە، دەستنیشانکراون و کەوانەی شکاوەیان بۆ دانراوە، واتە پێویستە کەوانەی سنورداریان هەبێت( Carr, P., 2015:103). بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی لە هەندێک لە وشەکانی زمانی ئینگلیزییدا هەیە جیاوازە لە تایبەتمەندیی داڕشتنی وشە لە زمانی کوردییدا، بۆنموونە وشەی /داگرت/ لە زمانی کوردییدا لە /دا-/+ /گرت/ پێکهاتووە، یان لە نموونەیەکی دیکەدا وشەی /داخست/ لە /دا-/+ /خست/ پێکهاتووەو پێشگرو بناغە لە فەرهەنگدا پێکەوەنەبەستراون.

واتە لاگرەکانی چینی یەکهەم واتاکانیان بەڕەگەوەن، هەروەکوو لاگرەکانی "per" و "con" لە وشەکانی وەکو " pertain /pɜːˈteɪn/"و " /kənˈteɪn/ contain"دا واتاکانیان بەتەواوەتی لەناو ڕەگی وشەکاندا توانەتەوەو ئاوێتەبوونەوە هەموویان لە چینی یەکهەمدان. نموونەکان کە لە زمانی ئینگلیزییدا هێنراونەتەوە بۆ وردبوونەوەیە لە مۆرفێمەکانی شکاندنەوە، کە واتاکانیان ئاوێتەبوونەو نازانرێن، بەواتا ئەو ئەڵتەرناسیۆنانەی کە ڕێزمان تەحەکومیان پێوەدەکات. ئەڵتەرناسیۆنەکانیش لە فۆرمی ئەو وشانەدان کە هێنراونەتەوە، بۆنموونە لە داڕشتنی فۆرمی کاتی ڕانەبوردووی سادە لە زمانی ئینگلیزییدا "چاوگ-infinitive "و کاتی ڕابوردووی لێوەردەگیرێت، بەڵام لە زمانی کوردییدا "ناوی کردارێی" کاتی ڕابوردووی لێوەردەگرێت. ڕێگەی زۆر بۆ داڕشتنی کاتی ڕابوردوو هەن، کە یاسای یاسابەندن "کردارە ڕێکەکان"، بۆنموونە پاشگری (ed-)ی کاتی ڕابوردوو بە دەنگەکانی /t/، /d/و /id/ دەردەبڕدرێت و گۆدەکرێت، ئەم پاشگرە لە زمانی ئینگلیزییدا دەخرێتەسەر قەدی کردار(Salih, D., 2015: 33).

## تەوەری دووەم: یاسابەندێتی و ئایدیۆسینکراسیی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژی فەرهەنگی لە سەگمێنتەکانی مۆرفۆلۆژیی و نیشانە سەروسەگمێنتییەکاندا

(ا)- گۆڕینی سەگمێنتەکانی مۆرفۆلۆژیی کردار هەموویان یاسابەند نیین، لەبری بەکارهێنانی ئەو جۆرە پاشگرانە کرداری بەهێز هەن، کە تیایاندا گۆڕانکاری بەسەر ڕەگەکانیاندا دەهێنن، کە لە ئەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەون، نموونەکان بۆ گۆڕینی ڤاوڵەکانە، کە ئەم کردارانە کاتی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی تەواویان لێوەردەگیرێن و گۆڕانکاریی بەسەر ڤاوڵەکاندا دەهێنن. ئەمجۆرە کردارانە پێیاندەگوترێت "کرداری بەهێز"، بۆنموونە:

A. sing، drive, feed ڕانەبوردوو

B. sang, drove, fed ڕابوردوو

C. has sung, has driven, has fed ڕانەبوردووی تەواو

ئەو فۆرمانەی لە ئەو نموونانەدا هەن، "وەچەیاسابەندێتیsub-regularities" جۆراوجۆر نیشاندەدەن، هەریەک لە ئەو سێ جۆرە نموونەیەی (A-B-C) جۆرێک لە وەچەیاسابەندێتی تایبەت پیشاندەدەن، هەروەها نموونەی /write/و /wrote/و /has written/ یەکجۆر گۆڕانکارین، کە دەنگی /I/ دەبێت بە /o/، دواتر دەبێت بە/i/ی کورت، کە ئەمەیش وەکو یاسا بەسەر هەندێک لە کردارە نارێکەکاندا جێبەجێدەبێت.

ڕێزمانی ئینگلیزیی ڕێزمانێکی دیاریکراوەو ئەمجۆرە وەچەیاسابەندێتییانە دەستنیشاندەکات. وەکدەزانرێت، کردارە

نارێکەکان هەموویان نایاسابەندن و کرداری بەهێزن، بەڵام لەناو کردارە بەهێزەکانیشدا وەچەیاسابەندێتی هەن، واتە لەناو نایاسابەندەکانیشدا گروپێک یاسابەند بەیەکەوە گروپ دروستدەکەن، بەواتای تر، لە یاساکانی چینی یەکەمدا ئەو نموونانە دادەنرێن، کە ڤاوڵەکانیان گۆڕانکارییان بەسەردادێن و لە کردارە بەهێزەکانن. ئەدگارێکی گرنگی تری یاساکانی چینی یەکەم ئەوەیە، کە گۆڕانکاریی زۆر بەسەر ئەو ڕەگانەدا دەهێنن، کاتێک پاشگریان پێوەدەلکێنرێن، ئەمەش وادەردەخات، کە یاسا فۆنۆلۆژییەکە ڤاوڵەکە دەگۆڕێت و بەهۆی پاشگرەکەوە گۆڕانکاری بەسەر ڕەگەکەدا دێت.

یاساکانی لاگرلکاندن، کە بەرپرسیاری ئەو ئەڵتەرناسیۆنانە دەبن، لە لاگرەکاندا دیسانەوە لە چینی یەکەمدا دێنەجێبەجێبون، لەلایەکەوە ڤاوڵەکە لە ناو وشەکەدا گۆڕانکاری بەسەردادێت، کە ئەمانە لە ڕیزبەندی یەکەمی چینی یەکەمدان، بەڵام هەندێک وشەیش هەن، کە پاشگرەکە دەبێتەهۆی گۆڕینەکە، کە پاشگری یاسابەندن، وەک پاشگری (ed-)، کە بە دەنگەکانی /t/و /d/و /id/ دەخوێنرێتەوە. ئەم پاشگرە یاسابەندانە لە زمانی ئینگلیزییدا وەکوو لە وشەی "work /wɜːk/"دا، کاتێک پاشگری (ed-) بۆ زیاددەکرێت، وشەکە دەبێتە"worked /wɜːkt/ " بۆ کاتی ڕابوردوو، کە ئەمانە یاسابەندن. پەیڕەوکردنی ئەمجۆرە یاسابەندێتییانە لە چینی یەکەمی نایاسابەندەکانن.

بەڵام یاساکانی چینی دووەم، کە یاسا ڕێکەکانی وشەکان دەگرنەوە، نابنەهۆکاری گۆڕینی ڤاوڵی ناوەوەیان و لە خانەی خوارەوەی چینە فەرهەنگییەکاندا دەبن، بەو واتایەی یاساکانی چینی یەکەم لە پێش یاساکانی چینی دووەمەوە جێبەجێدەبن، دوای ئەوانیش یاسا دوا فەرهەنگییەکان دێن. بەمشێوەیە، ڕیزبەندی چینە فەرهەنگییەکان زانیاری شاراوە دەربارەی پەیوەندیی یاساکان دەخەنەڕوو.

لە زمانی ئینگلیزییدا بەهۆی گۆڕانکاری لە ڤاوڵی ناوەوەی وشەکاندا بەشەئاخاوتنی ناو بۆ کردار دەگۆڕدرێت:

A. food /fuːd/ → feed /fiːd/, blood /blʌd/ → bleed /blid/

B. tooth /tuːθ/ → teethe /tiːð/, bath /bɑːθ/ → bathe /beɪð/

هەروەها بۆ وەرگرتنی کرداریش لە "ناو"ەوە دوو یاسا هەن: یاسای یەکەم ئەوەیە، کە یاساکە بەسەر هەموو نموونەکاندا جێبەجێدەبێت و ڤاوڵەکان دەگۆڕێت، بەڵام کاتێک کۆنسۆنانتی کۆتاییان خشۆکێکی کپ بێت، وەکو لە وشەی "teeth /tiːθ/"دا، لەگەڵ ئەوەیشدا یاسایەکی تری چینی یەکەم دێتەجێبەجێبوون و دەیکات بە خشۆکێکی دەنگدار. واتە ئەگەر کۆتایی وشەکە کۆنسۆنانتێکی خشۆک بێت، دەبێت بە کۆنسۆنانتێکی دەنگدار. بەڵام دووهەمیان وەک لە وشەی "food /fuːd/"دا دەبێت بە "feed /fiːd/" تەنها ڤاوڵی ناوەوەی وشەکە دەگۆڕێت. ئەم یاسایانە لە چینی یەکەمدان و گۆڕینی دەنگی کپی کۆتایی وشەکە بۆ خشۆکی دەنگداریی یاسایەکی فۆنۆلۆژییە، کە لە "مەرجی شوێنێکی تر – Elsewhere Condition"دا دێتە جێبەجێ بوون(Carr, P.,2015:135). بەو واتایەی، کە ئەمانە لە ئاستی یەکەمی مۆرفۆلۆژییدا ڕوودەدەن، دروستکردنی کردار لەگەڵ ناو، کە ئەویش داڕشتنی فۆرمی "کۆ"ی هەندێک ناوە لە چەند ناوێکی تر، لێرەدا نموونەی یاسای دەنگداریی نموونەکانی سەرەوە بە دوو یاسای سەرەکی دەبێت، بەڵام لێرەدا یاسایەکی دەنگداری هەیە، کە تەنها یاسایە لە دروستکردن و داڕشتنی فۆرمی ناوی کۆ لە ناوی تاک، بۆنموونە:

Wife /waɪf/ → wives /waɪvz/

Knife /naɪf/ → knives /naɪvz/

گۆڕینی دەنگی /f/ بۆ دەنگی /v/ یاسای ئەڵتەرناسیۆنی دەنگدارییە، چونکە کپەکە بووە بە خشۆکێکی دەنگدارو لە دروستکردنی ناوی کۆی چینی یەکەمی مۆرفۆلۆژییدایە. هەرکە پێواژۆکانی داڕشتنی وشە لە چینی یەکەمدا دانران، ئەو پێواژۆ فۆنۆلۆژییانە نیشانە دەکرێن کە لەگەڵیاندا ڕوودەدەن، بۆنموونە:

Long /lɒŋ/ → length /leŋθ/

Strong /strɒŋ/ → strength /streŋθ/

لەو نموونانەدا لە بەشەئاخاوتنی "ئاوەڵناو"ەوە "ناو" وەرگیراوە، پاشگری (th-) بە ئاوەڵناوەوە دەلکێندرێت و دەیانکات بە ناو، هەروەها دەبێتەهۆی گۆڕینی جۆری ڤاوڵەکەیش، ڤاوڵی ناوەوەی وشەکە لە /o/ەوە بۆ /e/ دەگۆڕێت، کە ئەمانە لە چینی یەکەمدان، چونکە پاشگرەکە گۆڕانکاریی بەسەر ڤاوڵی ناوەوەی وشەکەدا دەهێنێت.

(ب)- پاشگرەکانی چینی یەکەم، کە دەبنەهۆی گۆڕینی فۆنۆلۆژی سەگمێنتیی (فۆرمی ئەو قەدانەی پێیانەوە دەلکێن)، لەهەمانکاتدا دەبنەهۆی گۆڕینی شوێنی هێزیش. بەواتای ئەوەی، هەندێک لاگری چینی یەکەم دەتوانن هەردوو کاریگەریی سەگمێنتی و سەروسەگمێنتییان لەسەر وشە فەرهەنگییەکان هەبێت، کەواتە گۆڕینی سەگمێنتی و سەروسەگمێنتی لە چینی یەکەمن، بۆنموونە:

sane /seɪn/ → sanity /ˈsæn.ə.ti/

پاشگری (ity-) دەچێتەسەر وشەکە و جوتەدەنگی(دیفتۆنگی) /ei/بە دەنگی /a/ دەکات لەناوەوەی وشەکداو بەهۆی پاشگری (ity-)یەوە شوێنی هێزەکەیش دەگوازرێتەوە.

لە زمانی کوردیشدا وشەی /شیرین/ دەبێت بە /شیرینی/، کاتێک پاشگری /-ی/ی بۆ زیاددەکرێت، بەواتای ئەوەی شوێنی هێز لەسەر وشە فەرهەنگییەکەوە دەچێتەسەر پاشگرەکە و وشەیەکی نوێی فەرهەنگیی دروستدەکات. لە نموونەیەکی دیکەدا و لە وشەی /گووین/دا هێز لە کۆتاییدایە و هێزی سەرەکی لەسەر پاشگری /-ن/ە، بەڵام هێزی دووەم لەسەر دەنگی /وو/ە، بۆیە دەنگی /وو/ەکە درێژ دەردەبڕدرێت، دەنگی /ن/ کە هێزەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت، دەبێتەهۆی گۆڕینی هێزی ڤاوێلی بناغەکەی، کە ئەمە یاسایەکی فۆنۆلۆژی سەروسەگمێنتییە. ئەمجۆرە لاگرانەی چینی یەکەم، کە دەکەونە کۆتایی وشەوە هێزی سەرەکیی دەکەوێتەسەریان و کاریگەریی لەسەر وشە فەرهەنگییەکە دروستدەکەن و هێز دەکەوێتەسەریان. لەکاتی گۆکردن و دەربڕیندا هێز و ئاواز وەکوو دوو دیاردەی دەنگی بەشداری نیشانە سەروسەگمێنتییەکاندەکەن، "نیشانە سەروسەگمێنتییەکان بەسەر سەگمێنتەکاندا وەک (برگە، وشە، ڕستە)دا دەکشێن دەوری نیشانە سەگمێنتییەکان دەدەن"(محەمەدی مەحوی:266:2008)، لە گۆڕینی سەگێمنتیدا، وەک وشەی (نەوزاد) کە پێکهاتووە لە (ن+ە+و+ز+ا+د)، ئەمانە سەگمێنتی فۆنۆلۆژین، گۆڕینەکان بەسەر ئەم سەگمێنتانەدا دێن، بەڵام ئەگەر گۆڕینەکە لە سەرو ئەمانەوە بێت، دەبێت بە سەروسەگمێنتی. بۆنموونە:

١- هەواڵیی

ا- کێ وانەکەی خوێند؟

ب- نەوزاد.

لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت، کە (ب) هەواڵییە و وەڵامی (ا) دەداتەوە.

٢- سەرسووڕمان

ا- کێ وانەکەی خوێند؟

ب- نەوزاد!

لەم نموونەیەی سەرەوەدا ڕووندەبێتەوە، کە (ب) بە سەرسووڕمانەوە وەڵامی (ا) دەداتەوە.

٣- پرسیاریی

ا- نەوزاد وانەکەی خوێند؟

لەم نموونەیەشدا (ا) پرسیاردەکات، کە زانیاریی بەدەستبهێنێت، کە نەوزاد وانەکە دەخوێنێت.

ئەمجۆرە گۆڕینە، بە گۆڕینی سەروسەگمێنتی دەناسرێت لە زماندا، بەو واتایەی نیشانە سەروسەگمێنتییەکانی هێز و ئاواز لە چوارچێوەی فۆنیمە سەگمێنتییەکانی وشە و دەربڕینەکاندا بەکاردەهێنرێن. ئینجا ناڕاسابەندێتی هەم لە گۆڕینی سەگمێنتیدا هەیە، هەم لە گۆڕینی سەروسەگمێنتیدا هەیە. فۆرمی ئەوانەی ئەم گۆڕینانەیان بەسەردادێت و یاساکانی ئەو گۆڕینانە هەمووبان لە چینی یەکەمدان و ئەوانەیشی گۆڕانیان بەسەرداهاتووە لە چینی دووەمدان. پاشگرەکانی چینی یەکەم دەتوانن کاربکەنەسەر هێز، بۆنموونە پاشگری بەهێزی (-ity) ڕاستەوخۆ شوێنی هێز دەگۆڕێت و هێزەکەیش لەسەر برگەی پێش پاشگرەکە دادەنرێت. هەروەها پاشگری لاوازیش هەیە وەک (-al) کە هێز ڕادەکێشێت بۆ برگەی پێشخۆی(Katamba, F., 1989: 262). کەواتە دوو جۆر پاشگر هەن، یەکێکیان لە جۆرە بەهێزەکانن، جۆرێکی دیکەیشیان لە پاشگرە لاوازەکانن، ئەمانە پەیوەستن بە گۆڕینی هێزەوە، بۆنموونە:

electric /iˈlek.trɪk/ → electricity /ˌel.ɪkˈtrɪs.ə.ti/

)- (ityپاشگری بەهێزی

medicine /ˈmed.ɪ.sən/ → medical /ˈmed.ɪ.kəl/

)- (alپاشگری لاوازی

ئەگەر لەڕووی هێزەوە لە ئەو نموونانەی سەرەوە بڕوانرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە پاشگری (-ity) پاشگرێکی بەهێزە و دەبێتەهۆی گۆڕینی هێزی سەرەکی وشەکە، بەهۆی پاشگرەکەوە شوێنی هێز لە سەرەتای وشەکەوە ناوەڕاستی وشەکە دەگوازرێتەوە. بەڵام پاشگری (-al)، کە پاشگرێکی لاوازە و لەکاتێکدا دەچێتەسەر وشەکە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هێزی وشەکەدا ناهێنێت. ئەم دوو جۆرە جیاوازەی پاشگرەکان زانیاری دەربارەی هێزی برگەکان دەخەنەڕوو.

## بەشی دووەم: ڕیزبەندیی چینە فەرهەنگییەکان

### تەوەری یەکەم: بەبەرهەمی لاگر لە چینە فەرهەنگییەکاندا

ڕیزبوونی چینە فەرهەنگییەکان لە فۆنۆلۆژی فەرهەنگییدا بۆ مەبەستێکی تریشە، واتە ئەرکێکی تریش بەجێدەهێنێت، کە پلەی بەبەرهەمی پێشاندەدات، کە مەبەست لە بەبەرهەمی مۆرفیمەکانە و لە دروستکردنی وشەکاندا بەشداریدەکەن. پاشگرەکانی چینی یەکەم تەنها " ناڕاسابەندێتی فۆنۆلۆژییانە phonological irregularity"یان نییە، بەڵکو زۆرجار ئەدگاری سیمانتیکی ئایدۆسینکراسیشیان هەیە. لاگرەکانی چینی یەکەم لەڕووی سیمانتیکییەوە ئاسان نین دیاریبکرێن، بۆنموونە ئاسان نیە بەتەواوەتی و بە دیاریکراوی واتای پاشگری (-ity)بزانرێت. بۆنموونە پاشگری (-ity) دەبێتەهۆی گۆڕینی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو بۆ ناو لەم وشانەی خوارەوەدا و واتای چۆنێتی حاڵەت دەخەنەڕوو:

serene /səˈriːn/→ serenity /səˈren.ə.ti/

divine /dɪˈvaɪn/→ divinity/dɪˈvɪn.ə.ti/

بەڵام ئەم پاشگرە دەلکێت بە بناغەی ترەوە و هەمان واتا ناگەیەنێت. واتە لاگرەکانی چینی یەکەم هەمیشە واتاکانیان

لیڵن و نازانرێن، لەهەمانکاتدا واتاکانیان چەسپاو نین، کە ئەمەش دیسان ڕێژەی نارونیی و نەچەسپاویی واتایی لاگرەکان دەردەخەن، کە لاگرەکان دەکەونە چ ئاستێکی چینی یەکەمەوە، هەتاوەکوو ڕێژەی نارونیی و نەچەسپاویی پاشگرەکان زۆرتربن، لە سەروترن و هەتاوەکوو ڕێژەکەیشیان کەمترین، دەکەونە خوارەوەی چینی یەکەمەوە. نارونیی ژمارەیەک لەو لاگرەکانەی کە بە وشەکانەوە دەکێن و واتاکانیان نازانرێن، پەیوەندی بە گەشەکردنی مێژووی زمانەکە و وشەکانەوە هەیە. هەندێک لە لاگرەکان بە هەموو وشەیەکەوە نالکێنرێن بۆ دروستکرنی وشەی نوێ، بۆنموونە پاشگری(th-) ، تەنها لەگەڵ کۆمەڵێک وشەدا دەگونجێت بۆ پێدانی واتای نوێی فەرهەنگیی، بۆنموونە:

deep /diːp/→ depth /depθ/

long /lɒŋ/→ length /leŋθ/

لەم وشانەی سەرەوەدا پاشگری(th-) واتای نوێ بە وشەکان دەبەخشێت و پۆلەڕەگەزی وشەکان لە ئاوەڵناوەوە دەکات بە ناو، گۆڕینی زۆر بەسەر وشەکاندا دەهێنێت لەڕووی فۆرم و فۆنۆلۆژییەوە و تایبەتمەندیی پاشگری بەهێزی چینی یەکەمی تێدایە. ئەمجۆرە پاشگرانەی چینی یەکەم بەبەرهەم نین یان کەمتر بەبەرهەمن و بە هەموو بناغەیەکەوە نالکێن، لەگەڵ پێکەوەنوسانی بناغەکانیشدا، بەگوێرەی بەهێزی و لاوازی لاگرەکان گۆڕینی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییان بەسەردادەهێنن.

لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری ئەم نموونانەی خوارەوە زۆرترین گۆڕین بەسەر بناغەکەدا دەهێنن:

anonymous /əˈnɒn.ɪ.məs/→ anonymity /ˌæn.ɒnˈɪm.ə.ti/

religious /rɪˈlɪdʒ.əs/→ religiosity /rɪˌlɪdʒ.iˈɒs.ə.ti/

لەم نموونانەدا بەهۆی پاشگری بەهێزی (ity-)ەوە زۆرترین کارتێکردن بەسەر بناغەکاندا دێت، کە گۆڕینی فۆرمی بناغە و شوێنی هێزە. بۆنموونە پاشگری بەهێزی (ity-) دەبێتەهۆی تێداچوونی پاشگری (ous-)، وەکوو لە وشەی(anonymous)دا و گۆڕینی شوێنی هێز لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاستی وشەکە. لەهەمانکاتدا، ئەم پاشگرە دەبێتەهۆی تێداچوونی پیتی (u) و گۆڕینی شوێنی هێز لەسەر یەکەم ڤاوڵی /ɪ/ی سەرەتای وشەکەوە بۆ سەر ڤاوڵی /ɒ/ی پێش پاشگرەکە. لەمبارەیەوە، (Aranof, 1976) لە نامەی دکتۆراکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەمجۆرە پاشگرانەی چینی یەکەم پاشگری "پەیوەستintegrity" نین، چونکە زۆرترین گۆڕانکاری دەکەن. هەروەها ئەدگاری فۆنۆلۆژیی ئایدیۆسینکراسی یەکگرتوویی پەیوەستیان بەو گۆڕینانەوە نیە، کە بەسەر بناغەدا دەهێنن.

قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزیی لەنێوان پاشگرەکانی (ness-) و(-ity) زیاتر پاشگری (ness-) بەکاردەهێنن و متمانەیان پێیەتی، چونکە ئەگەری ئایدیۆسینکراسی سیمانتیکیی کەمترە و زیاتر جێگەی متمانەیە و ئاسانتر بەکاردەهێنرێت. بەڵام پاشگری (er-) سەر بە چینی دوەهەمە و ئایدیۆسینکراسی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکیی نییە و دەلکێت بە کردارەوە و واتای دەرکردەکەی هەمیشەییە، بۆنموونە وشەی (dog) واتای خۆیی هەیە و وشەیەکی فەرهەنگییە، لەهەمانکاتدا واتای پاشگری (er-)یش چەسپاوە و لە پاشگرە هەمیشەییەکانە و واتاکەی ئاشکرایە، کە ئەمەیش تایبەتمەندی پاشگرەکانە لە چینی دوەهەمدا. واتای ئەو پاشگرانەیش کاتێک دەزانرێت، کە لەگەڵ بناغەی زۆردا بێن. ناجێگیریی واتا تەنها لە لاگردا نیە، بەڵکوم لە بناغەیشدا هەیە، زۆر لەو ڕەگانەی لاگریان پێوەدەلکێنرێت، واتاکانیان نادیارن و نەچەسپاون. هەندێک بناغەیش هەرگیز ناتوانێت سەربەخۆ بەکاربهێنرێت و هەمیشە بە لاگرەوەیە، ئەو جۆرە لاگرانەی کە پێیانەوە دەلکێن، لە چەشنی لاگرە بەهێزەکانی چینی یەکەمن.

## تەوەری دوەهەم: ئایدیۆسینکراسیی لاگرەگانی چینی یەکەم و یاسابەندێتیی لە لاگرەکانی چینی دوەهەمدا

چینی یەکەم توخمی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی ئایدۆسینکراسییان تێدایە، کە ڕوناکرێنەوە و لەڕووی ڕێزمانییەوە پێشبینینەکراون. بۆنموونە یاساکانی چینی یەکەم لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە ئایدۆسینکراسین، چونکە ناوازەی زۆریان هەیە و زۆرکەمیش لە داڕشتنی فۆرمی وشەی نوێدا بەشداریدەکەن. پۆلی ئەو ئایتمانەی، کە یاساکانی چینی یەکەم کاریانتێدەکەن لەگەڵ ڕیگەوشوێنی کارکردنەکە لەسەریان یاسابەند نین. بۆنموونە پاشگری بەهێزی (ity-) لەگەڵ پاشگری لاوازی، (al-)، کە سەر بە چینی یەکەمن و دەبنەهۆی تێکدان و گۆڕینی زۆربەی ئەو بناغانەی پێیانەوە دەلکێن، ئەمجۆرە گۆڕانکارییانەش لە چینی دوەهەمدا ڕونادەن، بۆنموونە پاشگرەکانی چینی دوەهەم وەکو (er-)و (ness-) کارتێکردنیان لەسەر هێزی بناغەکان نیە، هێز بە وشەکان دەدرێت، کە ئەگەر ئەو پاشگرانەیان پێوە بێت یا نا، بۆنموونە:

entertain /en.təˈteɪn/→ entertainer /en.təˈteɪ.nər/

wear /weər/→ weariness /ˈwɪə.ri.nəs/

ئەمانە لە چینی دوەهەمدان و کار لەسەر هێزی بناغەکان ناکەن و بناغەکان ناگۆڕن. ئاستی سەگمێنتی یاساکانی چینی یەکەم پەیوەندی لەگەڵ بناغەکاندا کەمە، کە پێیانەوە دەلکێنرین، بۆنموونە پاشگری (ity-) دەبێتەهۆی گۆڕینی سەگمێنتەکانی چینی یەکەم (کورتکردنەوەی برگەیی)، ئەم

گۆڕینانەش لە زۆرەوە دەستپێدەکات، کە لە سەرەوەی چینی یەکهەمەوەیە، تاوەکو بەرەو خوارەوە بچێت و نزیکی چینی دوهەم ببێتەوە ڕێژەی گۆڕینەکە کەمتر دەبێتەوە، بۆنموونە:

anonymous /əˈnɒn.ɪ.məs/→ anonymity /ˌæn.ɒnˈɪm.ə.ti/

پاشگری (ity-) دەبێتەهۆی گۆڕینی شوێنی هێزی وشەکەو هێز لەسەر بڕگەی یەکهەمی وشەکەوە دەچێتەسەر بڕگەی دوهەمی وشەکە و ڤاوێڵ /ɪ/. هەروەها جۆر و ژمارەی گۆڕینەکانیش، کە بەسەر بناغەکاندا دێن، بەگوێرەی جۆری پاشگرەکان دەگۆڕێن، بۆنموونە هەندێک پاشگر چەندجار بلکێنرێن بە بناغەوە، ئەوەندەش گۆڕین بەسەر بناغەکاندا دەهێنن، لەهەمانکاتتدا هەندێک پاشگریش گۆڕین لە هەندێک بناغەدا دەکات و لە هەندێک بناغەی تردا ناکات، کە پێوەی دەلکێن. ئەو جۆرە پاشگرانەی کە دەلکێن بە هەندێک بناغەوەو گۆڕینیان بەسەردا دەهێنن، هەروەها گۆڕین بەسەر هەندێکی تریشدا ناهێنن، بە پاشگری جاروبارە کارتێکەر "sporadic" دەناسرێن(Katamba, F., 1989: 265).

ئایدیۆسینکراسی و ناوازەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە وشەدروستکردندان، بۆنموونە لە زمانی کوردییدا

هەندێک لە پاشگرەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەوە کاریگەری دەکەنەسەر وشە فەرهەنگییەکان و وشەی فەرهەنگیی نوێ دروستدەکەن، بۆنموونە:

مس+ گەر← مزگەر

لەم نموونەیەدا دەنگی یەکهەمی پاشگرەکە کاریگەری لەسەر دەنگی کۆتایی بەشی یەکهەمی وشە دارێژراوەکە دەکات و دەیکات بە دەنگی /ز/. لە نموونەیەکی دیکەدا (دەست+ گا ← دەزگا)، لەمبارەدا دەنگی /س/ کە کۆنسۆنانتێکی [-دەنگدار] ە بۆ دەنگی /ز/ دەگۆڕێت و بەم ڕێگەیە یاسای لێکچوونی دواوە Regressive Assimilation کاردەکات، کە دەنگی دواوە کاریگەری بۆ سەر دەنگی پێشەوە دروستدەکات، واتە دوای دەرنەبڕینی گیراوی کپی /ت/، خشۆکی /س/ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە تەنیشت گیراوی دەنگداری /گ/ەوەو وەکوو دەنگدار بەرجەستەدەکرێت. بەڵام لە نموونەیەکی وەکوو (ساز + دان ← ساززان) یاسای لێکچوونی پێشەوە Progressive Assimilation کاردەکات، کە دەنگی پێشەوە کاریگەری بۆ سەر دەنگی دواوە دروستدەکات.

بەمپێیە، یاساکانی چینی یەکهەم زۆر ئایدۆسینکراسین و واتای لاگرەکانیان ئاشکرا نین، کارتێکردنی فۆنۆلۆژییان پێڕەوبەندانە نین و بناغەکانیشیان کارتێکردنی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکیی ئایدۆسینکراسیی لاگرەکانیان لەسەرن، بەڵام یاساکانی چینی دوهەم ئەدگاری سیمانتیکیی و فۆنۆلۆژییان ناگۆڕێن، کاتێک بناغەکان لاگرەکانی چینی دوهەمیان پێوەدەلکێنرێن، بۆنموونە پاشگری (er-) ناوی کارا (agent noun) دروستدەکات:

Bake /beɪk/→ baker /ˈbeɪ·kər/

Dance /dɑːns/→ dancer /ˈdɑːn·sər/

لە زمانی کوردیشدا پاشگری (-ەر) ناوی کارا دروستدەکات، بۆنموونە:

/نان/ + /کردن/ + /-ەر/← نانکەر

/سەما/ + /کردن/ + /-ەر/← سەماکەر

بەمشێوەیە ڕوندەبێتەوە، کە یاساکانی چینی دوهەم هەموویان یاسابەندن و زۆرکەم ناوازەیان هەیە، بۆنموونە دروستکردنی ناوی کارا سەر بە چینی دوهەمە و یاسابەندن. هەروەها لە زمانی کوردییدا جگەلە چەسپاویی واتای پاشگرەکان لە نموونەکانی سەرەوەدا، هەندێکجار ناوی کارا بەهۆی ڕەگی کردارەوە دروستدەبێت، کە پەیوەست بە پاشگری (-ەر)ەوە لە ناوازەکانی چینی دوهەمن، وەکوو ڕەگی کرداری/دە/ لە وشەی لێکدراوی /نانده/دا، کە لە /نان/ + /دە/ + /-ەر/←/نانده‌ر/ پێکهاتووە، واتە تێداچوونی دەنگی /ە/ ڕویداوە لەنێوان دەنگی کۆتایی ڕەگی/دە/ و پاشگری /ەر/دا. هەروەها لە نموونەیەکی دیکەدا پاشگری /-ەر/ دەخرێتەسەر وشەی لێکدراوی /یاریکردن/ و وشەی /یاریکەر/ دروستدەکات، کە وشەیەکی نوێی فەرهەنگییە. بەمپێیە، لە چینی دوهەمیشدا یاسابەندێتی ئاستی جیاواز هەیە، پاشگری /-ەر/ دەکەوێتە پێش ئەو وشانەوە کە بە ڕەگی کردار دروستدەبن، وەکوو /نانخۆر/، کە لێرەدا تێداچوونی دەنگی /ە/ ڕویداوە لەنێوان دەنگی کۆتایی ڕەگی/خۆ/ و پاشگری /ەر/دا. بەڵام یاساکانی چینی دوهەم یاسابەندێتی سیمانتیکیی و فۆنۆلۆژییان لە داڕشتنی فۆرمی وشەکاندا هەن، لەڕوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەوە. لە زمانی کوردییدا مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس تێکەڵ بەیەکتری دەبن، بەڵام لەڕووی فەرهەنگییەوە جیادەبنەوە، بۆئەوەی لە ئەنجامدا بزانرێت جیاوازیی و هاوبەشیی لەنێوان چینەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا هەن. بۆنموونە پاشگری (ly)دەلکێت بە ئەم وشە فەرهەنگییانەی خوارەوە، کە ئەم پاشگرە تێیدا بەشدارە:

Badly /ˈbæd·li/

Sadly /ˈsæd·li/

Happily /ˈhæp·ɪ·li/

ئەم وشانە سەر بە چینی دوهەمن، لەبەرئەوەی یاساکانیان لەڕووی سیمانتیکیی و کارتیکردنی فۆنۆلۆژییەوە چەسپاون، بەڵام لە وشەی(happily)دا گۆڕینێکی فۆنۆلۆژیی کەم هەیە، کە ئەمەش جۆرێک لە یاسابەندی هەیە و دەکەوێتە ئاستی سەرەوە لەناو چینی دوهەمدا، لەبەرئەوەی بە زۆرترین بناغەوە دەلکێنرێت. ئەمجۆرە پاشگرانەیش، هەتاوەکوو زۆرتر بە

بناغەوە بلکێنرێن، دەکەونە سەرەوەی چینی دوهەم، بەڵام هەتاوەکوو کەمتر بە بناغەوە بلکێنرێن، دەکەونە خوارەوەی چینی دوهەمەوە.

ئایدۆسینکراسی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لە پرۆسەی لێکدانی وشەکانیشدا دەردەکەون، کە لێکدان یەکێکی دیکەیە لە ڕێگا سەرەکییەکانی دروستکردنی وشە و لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشە دەبێت، واتە "وشەی لێکدراو لایەنی کەم دوو بناغەی تێدایە و هەردوکیان وشەن" (Katamba: 1993: 53)م ئەم پرۆسەیەش لە زمانی کوردیدا ئێجگار بڵاوە، بۆنموونە:

/مام/+ /وەستا/← /مامۆستا/ یان /مامۆسا/

لە ئەم نموونەیەدا، کە گۆڕینی دەنگەکانی /و/ و /ە/ بۆ دەنگی /ۆ/، هەروەها هەندێکجار تێداچونی دەنگی /ت/ لەکاتی گۆگردن و دەربڕیندا. هەروەها، وشەی /پاش/+ /نوێژ/← /پاژنوێژ/، کە لێرەدا لێکچوونی دەنگی لەنێوان کۆتا دەنگی بەشی یەکهەمی وشەلێکدراوەکە و دەنگی یەکهەمی بەشی دوهەمی وشەلێکدراوەکەدا ڕوودەدات، بەو هۆیەشەوە دەنگی کۆتایی بەشی یەکهەمی وشەکە بۆ دەنگی /ژ/ دەگۆڕدرێت. لە نموونەیەکی دیکەدا /دەست/+ /باز/←/دەزباز/، لێرەدا لەپاش تێداچوونی دەنگی یەکهەمی بەشی دوهەمی وشە لێکدراوەکە (دەنگی /ت/)، دەنگی /ب/ کاریگەری لەسەر دەنگی /س/ دەکات و بە دەنگی /ز/ گۆدەکرێت و دەردەبڕدرێت، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی دەنگی /ب/ەوەیە کە زرنگدەرەوەییە.

هەروەها دەنگی /د/ کە خشپە دەنگێکی گڕ[ + دەنگدار ]ە دەبێت بە دەنگێکی کپ [ - دەنگدار ]، ئەگەر لە کۆتایی بڕگەدا بێت. بۆنموونە /بەد/ + /کار/ ← /بەتکار/، کە لێکچوونی دەنگی بەهۆی دەنگی دوهەمی وشە لێکدراوەکەوە ڕودەدات و دەنگی /د/ بۆ دەنگی /ت/ دەگۆڕدرێت. بەهەمانشێوە، لە نموونەیەکی وەکوو /هەشت/+ /دە/ ← /هەژدە/یشدا، دوای تێداچوونی دەنگی /ت/، دەنگی /د/ کاریگەری لەسەر دەنگی گیراوی کپی/ش/ دەکات و دەبیت بە /ژ/، کە یاسای ئەڵتەرناسیۆنی ئازادە، واتە خشۆکەکە خۆی ڕاستەوخۆ لەتەنیشتی گیراوەکەوەیەو دەبێت بە (+دەنگدار).

پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لە پۆست-لێکسیکاڵیشدا دێنەجیبەجێبوون و مۆرفیمەکانی شکاندنەوە گۆڕانی دەنگیان بەسەردا دێت، مۆرفیمەکانی شکاندنەوە ژمارەیان کەمە و سنوردارن و بە هۆکاری پێکەوەبەستنی هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ناسراون، بەواتای ئەوەی هەڵگری چەمک و واتای ڕێزمانیین و لە داڕشتەی دروستەی فرێز و ڕستەکاندا بەشداریدەکەن. ئایدیۆسینکراسیی، کە نایاسابەندی دەگرێتەوە، لێرەدا پەیوەستە بە شکاندنەوەی کردارەوە، بۆنموونە:

/پاراستن/ ← /دەپارێزم/

لە ئەم نموونەیەدا لەکاتی شکاندنەوەی کردارەکەدا دەنگی /س/ بە دەنگی /ز/ دەگۆڕێت و دەنگی /ا/یش بۆ /ێ/ دەگۆڕێت. لە نموونەیەکی دیکەدا:

/کوشتن/←/دەکوژم/←/دەکوژێت/←/بکوژە/← /کوژرا/، ناوازەی شکاندنەوەی ئەم کردارەیش لە پێکهاتەی سینتاکسدایە و خشۆکی [-دەنگدار] بۆ خشۆکی [+دەنگدار] دەگۆڕێت، بەواتای ئەوەی کۆنسۆنانتی خشۆکی کپ /ش/، کە لە بنەڕەتدا ڕاستەوخۆ لە تەنیشت گیراوێکی کپەوە دێت، دەبێت بە دەنگداری /ژ/، کاتێک دەکەوێتە نێوان دوو بڕگەییەوە، بۆنموونە /کوشتن/←/دەکوژێت/، ئەم پێواژۆیە فۆنۆلۆژیانەیە، کاتێکیش ڕەگی کردارەکە بە بکەرنادیار دەکرێت پاشگری /-را/ی بۆ زیاددەکرێت، کرداری بکەرنادیار سەربەخۆیەو هاتنی دەنگی/ژ/ تێیدا لە نێوان دوو زرنگدەرەوەییدا (ر___ا) لە دابەشبونێکی وەک ئەوە نێوانی دوو بڕگەییە (بڕوانە محەمەدی مەحویی:2020 ).هەروەها لە نموونەی /چێژتن/ ← /دەچێژم/ ← /چێشتی/دا خشۆکی [+دەنگدار] دەبێت بە خشۆکی [-دەنگدار]. بەڵام لە نموونەی /ناشتن/←/دەنێژم/دا خشۆکی [-دەنگدار] دەبێت بە خشۆکی [+دەنگدار](بڕوانە پێشڕەو ساڵەح: 2015).

## ئەنجام:

دەتوانرێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:

1 - تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی وەک بنچینەیەکی زمانەوانی بۆ زمانەکان و بەتایبەتیش بۆ زمانی کوردی گونجاوە و پێویستییەکی هەنوکەیی زمانی کوردییە.
2 - لە زمانی کوردیشدا بەگوێرەی بنەمای کارکردنی تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی نموونە ئایدیۆسینکراسییەکان دەکەونە ئاستی سەرەوەی چینی فەرهەنگیی چینی یەکهەم و نموونە پێشبینیکراوەکانیش دەکەونە چینی خوارەوەی چینی دوهەمەوە.
3 - لەڕوی فەرهەنگییەوە تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی هەردوو پێکهاتە تێکەڵاوەکەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردی لێکجیادەکاتەوە.

## سەرچاوەکان:


1- دڵشاد غالی ساڵەح و پێشڕەو ساڵەح عەلی (2019)، پرۆسە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، پێنجەمین کۆنفرانسی زانستیی زانکۆی گەرمیان.
2- سازان زاهیر سەعید (2020)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
3- محمد معروف فتاح (1990)، زمانەوانی، هەولێر.
4- محەمەدی مەحوی (2020)، باری بکەرنادیار، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

5- محەمەدی مەحوی (2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، (مۆرفۆلۆژیی کوردی) بەرگی یەکەم، سلێمانی.

6- محەمەدی مەحوی(2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

7- محەمەدی مەحویی(2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنەتیك، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

8- محەمەدی مەحویی(2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.

9- وریا عومەر ئەمین (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

10- پێشڕەو ساڵەح عەلی (2015)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە دارِشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

11- عادل ڕەشید (2008)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی- کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

12- Akmajian, Adrian, et al. *Linguistics: An introduction to language and communication*. MIT press, 2017.

13- Al-Khauli, Muhammad Ali. "A Dictionary of Theorical Linguistic (English-Arabic)." *Libanon: Librarie du Liban* (1982).

14- Al-Khresheh, Mohammad Hamad. "A review study of error analysis theory." *International Journal of Humanities and Social Science Research* 2.1 (2016): 49-59.

15- Aronoff, Mark. "Word formation in generative grammar." *Linguistic Inquiry Monographs Cambridge, Mass* 1 (1976): 1-134.

16- Booij, Geert. "The interaction of phonology and morphology in prosodic phonology." *Phono-morphology: Studies in the interaction of phonology and morphology* (1985): 23-34.

17- Bussmann, Hadumod. "Connotation." *Routledge Dictionary of Language and Linguistics. London: Routledge.[Cited in Gill, 2011]* (1996).

18- Carr, Phlip. “Phonology: an introduction.” Macmillan International Higher Education. 2015.

19- Crystal, David. *A dictionary of linguistics and phonetics*. John Wiley & Sons, 2011.

20- Crystal, David. *A dictionary of linguistics and phonetics*. John Wiley & Sons, 2011.

21- Derakhshan, Ali, and Elham Karimi. "The interference of first language and second language acquisition." *Theory and Practice in language studies* 5.10 (2015): 2112.

22- Dost, Islam Namazian, and Ghassem Bohloulzadeh. "A review of contrastive analysis hypothesis with a phonological and syntactical view: a cross-linguistic study." *The Buckingham Journal of language and linguistics* 10 (2017): 32-41.

23- Fattah, M. M., and S. R. Qadir. "ĉend Layeněkî Morfologî kurdî (Some Aspects of Kurdish Morphology)." *Sualeimanî: Rûn Press house* (2006).

24- Fattah, Muhammad Maruf. "A generative grammar of Kurdish." (1997).

25- Franceschina, Florencia. "Morphological or syntactic deficits in near-native speakers? An assessment of some current proposals." *Second Language Research* 17.3 (2001): 213-247.

26- http:// A.Spencer_(2001). International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences. Ebook.

27- Katamba, Francis. *An introduction to phonology*. Vol. 48. London: Longman, 1989.

28- Kiparsky, Paul. "Lexical phonology and morphology." *Linguistics in the morning calm* (1982).

29- Kiparsky, Paul. "Some consequences of lexical phonology." *Phonology* 2 (1985): 85-138.

30- Kumagai, Yuri. "The effects of culture on language learning and ways of communication: The Japanese case." (1994).

31- McCully, Chris. "Lexical Strata in English: Morphological Causes, Phonological Effects." (2005): 984-989.

32- Orlando, Benedito António, Danito Júlio Raivoso, and Ximane Atumane Adamo. "Lexical Phonology and Morphology model Lexical Strata.", university of Pedagogica Quelimane, 2017.

33- Pierrehumbert, J., 1990. Phonological and phonetic representation. *Journal of phonetics*, *18*(3), pp.375-394.

34- Salih, Dlshad. “Acquisition of second language: Critical analysis of Kurdish adult L2 learners’ acquisition of English verbal inflectional morphology (past tense -ed)”, university of Bangor, 2014.